# طارق هاشمیش خۆی پێنەگیرا تا شەکرەکەی خۆی شکاند

**خالید هەرکی**



**رۆژنامەی الشرق الاوسط ی لەندە نی ژمارە 10375 ی رۆژی 25-04-07 نوسینێکی طارق الهاشمیی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بلاو کردۆتەوە لەژێر ناوی ( بەرگری کردنێکی رەوا لە دامەزراوی سربازیی عێراق ) دیارە مەبەستیشی عێراقی سەدامە چونکە بابەتەکە ئاماژە بە سەردەمی رژێمی گۆربەگۆردەکا لەگەل بەرگری کردن لە ئەفسەرانی ئەو سەردەم.**

**طارق الهاشمی لە نوسینەکەیدا وێرای پێداهەلگوتن وهێنانەوەی پاساوی جۆراوجۆر بۆ کارە درندانەیەکانی دەزگا تۆقێنەرەکەی سەردەمی تیاچو ، داوای ئازاد کردنی ئەفسەرە دەستو پێوەندەکانی سەددامیش دەکات ، ئەوانەی دەستیان بە خوێنی رۆلەکانمان سورە وئێستا لەژێر دلۆڤانیی دادگای عێراقین بە تۆمەتی تاوانی ئەنفال.**

**هاشمی ئەم کۆمەلە تاوانبارەی ناو قەفەزی تاوان بە کۆپلەیەک لە ئەفسەری درەوشاوە ی خاوەن پیشە ناو دەبات**

**داواکاریەکەی هاشمی بەوە نەوەستاوە وەکو بانگەوازێک داوا لە سەرجەم بەناو خاوەن ویژدانەکانی هاو شێوەی خۆی دەکات ، بۆ ئازادکردنیان، بە گوتەی ئەم بە دادگایی کردنی ئەم ئەفسەرە ئەستێرە درەوشاوانە خۆیان توشی هەلەیەکی مەزن دەکەن وعێراقیش بەرەو هەلدێر دەچێ .**

**ئەوەندەی لەسەر وتەکەی هاشمی بنوسرێ ولێی وورد بیتەوە ئەوەندە ناخو بەرنامەی ئەوانمان بۆ رونتر دەبێتەوە ، ئەوەندەی تریش دەبێ لەئاست رەفتارەکانیان هەستیارتر و وشیارتر بین .**

**بە پاساوی هاشمی تاوانی ئەنفال بە بریارێکی سیاسی ئەنجام دراوە ئەفسەرەکانیش وەکو جێبەجێکەر وابون نابێ کاری دەزگای سەربازی بەسیاسیی کەین ( مەگەر ئەمە بەرگریەکی راستەوخۆ نیە لە سەدام ودەستو پێوەندەکانی وتاونەکانی؟) ، دەلێ دەبێ ئەم ئەفسەرانە ئازاد بکرێن تەنها مەگەر بە تاوانێکی ترەوە تۆمەتبارکرابن ؟ ( وادیارە لای ئەم تۆمەتی تر لەتۆمەتی ئەنفال گرنگتر هەیە کە دەکرێ ئەفسەرەکە لە سەری بگیرێ ، بە بۆچونی ئەم دەکرێ تۆمەتی پارەدزین یا زیادەرۆیی یە ک یا سەرپێچیی هاتوچۆ بێ ) .**

**بە گوتەی ئەم ئەفسەرەکان بەلای بریاری سیاسیە وە نەدەچون مەگەر سەدامیش پلەی ئەفسەریی موهیب الرکن بەخۆ نەبەخشی بو ؟ ئەی علی کیمیاوی ئەوانیتر ؟. ئەو لەیادی چوە کە لە عێراقی سەددام حوکم حوکمی سەربازی بو تەنانەت ئەوەی سڤیلیش بوایە دەبوایە بە پۆشینی سەربازی خۆی بپۆشێ ئەوسا لەروی یاسای ئەوانەوە شەرعیەتی بریاردان و بریار جێبەجێکردنی وەردەگرت . هاشمی گەر لەبیریشی نەمابێ ئێمە لەبیرمانە کە سەدام خۆشی رۆژێک سەربازیی نەکردبو ! بەدیدی ئەوان تەنها سەربازەکان بۆیان دەلوا گرتن وکوشتن ئەنجام بدەن.**

**هاشمی لەبیری نەماوە کە فەرمانبەرو کرێکارە پلەدارەکانی بەعسیش شانازیان بەجلی سەربازیەوە دەکرد شەو ورۆژ بە جلە زەیتونیە کەی رەفیق حزبیانەوە دەخەوتن بۆ ئەوەی دلنیای خۆیان بکەن کە ئەوان فەرمانرەواو کاربەدەستن بۆ کەس لە عێراق مابو حوکمی بەسەر چۆلەکەیەک دابروا ؟ دور لە جلی سەربازی؟ عێراق ببوە سەربازگە یەک لەناو بەندیخانەدا ، دواتر ئەوەی لە عێراق رەفتار دەکرا پێچەوانەی نەریت وسیستەمی شارستانیەت وبەرێوەبدردنی دەزگا حکومی بو.**

**دامەزرێنەرو رابەری حزبی شیوعیی چین ماو تسی تۆنگ دەیوت (السیاسه هی التی توجه فوهه البندقیه) بەلام لە عێراقی سەدام بە پێچەوانە رەفتاری دەکرد، چەک وتۆقاندن روی بە سیاسەت دەگۆری .**

**لە درێژەی نا فەرمودەکەی خۆیدا هاشمی دە لێ( سوپاسی خودا دەکەم کە ئەو رێگەیەی لێنەگرتوم ووتەی حەق بلێم کە تەنها مەبەستم رازی بونی خودایە) منیش دەلێم ئێمەش سوپاسی خودا دەکەین کە رێگەی ئەوەی لێنەگرتی دلە پر لە قین وپیلانە قێزەوەنیەکانتمان لێ بشاریتەوە و هەروەکو مەزەندەمان دەکرد وا زو خۆتتان بە ئێمە ناساند !**

**...هۆلەندا**

www.serben.com
khalidherki@chello.nl